ئایەتێک لە کتێبەی ئێوەدا هەیە کە ئێوە دەیخوێننەوە، ئەگەر بۆ ئێمەی کۆمەڵەی جولەکە دابەزیبا، ئەو ڕۆژەی (کە تێیدا دابەزیوە) دەمانکرد بە جەژن

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکی جوولەکە پێی ووت: ئەی میری باوەڕداران، ئایەتێک لە کتێبەی ئێوەدا هەیە کە ئێوە دەیخوێننەوە، ئەگەر بۆ ئێمەی کۆمەڵەی جولەکە دابەزیبا، ئەو ڕۆژەی (کە تێیدا دابەزیوە) دەمانکرد بە جەژن، (عومەری کوڕی خەتاب) ووتی: کام ئایەتەیە؟ (جوولەکەکە) ووتی: {الیَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا} [المائدة: 3] واتە: {ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو (کامڵ) کردووە بۆتان و چاکە و بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا و ڕازی بووم کە ئیسلام ئایینتان بێت}، عومەر ووتی: بێگومان ئێمە ئەو ڕۆژ دەزانین، ودەزانین لە چی شوێنێك ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابەزی، ڕۆژی هەینی بوو، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە عەرەفات ڕاوەستابوو.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پیاوێکی جولەکە هات بۆ لای میری باوەڕداران عومەر -ڕەزای خوای لێبێت-، و پێی ووت: ئایەتێک لە کتێبەکەتاندا (لە قورئاندا) هەیە کە دەیخوێننەوە، ئەگەر بۆ ئێمەی کۆمەڵەی جولەکە دابەزیایە لە کتێبەکەماندا (لە تەوراتدا)؛ ئەوا ئەو ڕۆژەمان دەکرد بە جەژن و ئاهەنگمان تێدا دەگێڕا، وەکو سوپاسگوزارییەک بۆ نیعمەتی دابەزینی ئەم ئایەتە مەزنە، عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- پێی ووت: کام ئایەت؟ پیاوەکە ووتی: {الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا} {ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو (کامڵ) کردووە بۆتان و چاکە و بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتووە بەسەرتاندا و ڕازی بووم کە ئیسلام ئایینتان بێت}. عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمووی: ئێمە ئەو ڕۆژە و ئەو شوێنە دەزانین کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی تێدا دابەزیووە، ئەو ئایەتە لە ڕۆژێکی جەژندا دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)؛ ؛ کە ڕۆژی هەینیش بوو، و لە عەرەفات ڕاوەستابوو، و هەردووکیان دوو ڕۆژی مەزنن لەلای موسڵمانان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65298